# دکتۆر کەمال پردی گواستنەوەی خەباتە بۆ داکۆکی کرد لە هەموو ماف وئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان!

ريبوار عارف

بێ سەروشوین کردن و زیندانی کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر بۆ ماوەی نزیك بە دوو مانگ، تا حوکمدانی بە 30 سال زیندانی کردن ئەو پرۆسە نا شەرعی و نا یاسای یە، بووە هەوێنی بەرپاکردنی جولانەوەیەکی فراوان و بەرزبوونەوەی دیواری ڕق و بێزاری و نارەزایەتی دەربرینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستان بە گشتی. ئەگەرچی لەسەرەتادا لە لایەك بەهۆی پڕوپاگەندەی پارتی بەوە کە گوایە دکتۆر کەمال کەسێکی گومان لێکراوەو تشهیرکردوە بە سەرکردایەتی کوردو... ویستیان دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز کپ بکەنەوەو هاوکات لەلایەکی تریشەوە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەهۆی شانخالی کردنەوەی خۆیان لەم کێشەیە، نەبادا پریشکی بەر خۆشیان بکەوێت. ئیدی مەسەلەی داکۆکی کردن لەئازادی بیروڕا دەربڕین وپێ داگرتن لەسەر ئازادکردنی دکتۆر کەمال وەك پێویست ئەو دەنگدانەوە گەورەی نەبوو کەدەبوو بوبایە. بەلام لەلایەکی ترشەوە درێژە پیدانی خەبات بۆ ئازادی دکتۆر کەمال و فراوان بوونەوەی ئەم بزوتنەوەیەو هاوکات هێشتنەوەی دکتۆر کەمال لە زیندان و سەرئەنجام حکومدا بە 30 سال زیندانی کردن ئیتر سنووری هەر پاساو بەهانەیەکی شکاندو بەرەیەکی زۆر فراوان لە کەسانی ئازادیخوازو پارێزەرانی ئازادی بیرورا دەربرین وئازادی ڕەخنەگرتن و ئازادی بەیان هاتنە مەیدان ودەرکیان بە گرنگی هاوخەباتی و پێکێهنانی سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوە کرد.بۆیە بەدەر لەهەر ئاراستەیەکی حزبی وسیاسی وئایدۆلۆژی ڕیزێکی فراوان لەو کەسایەتیانەی کەخاڵی هاوبەشیان داکۆکیکردن لەئازادی بیروڕادەبرین وپێداگرتن لەئازادی دکتۆر کەمال بوو، لەسەنگەرێکی بەهێزی خەباتکارانەدا هەڵوێست و هەلسوڕانی خۆیان پێکەوە گرێ دایەو ئاراستەی گوشارەکەیان ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ڕووبەڕووی دەستەلاتی پارتی بەهێزو بەهیزتر دەکرد. بۆیە سەرئەنجامی ئەم گۆشارە نەك تەنیا چەندین ڕێکخراوی وەك ئەمنستی بەڵکو تەنانەت حکومەتی ئەمەریکاش لەمبارەوە هەڵوێستی گرت و لەڕۆژی 6 / 1 / 2006 دا ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردو بەڵێنی ئەوەی دا کە تادوو هەفتەی تر ئاڵوگۆڕێك لەمبارەوە پێك دیت.

<u>ئازادکردنی دکتۆر کەمال و یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکیەتی .</u>

ڕۆشنە کە تائێستە هەنگاوێکی باش چووینەتە پێشەوەو شەپۆلی نارەزایەتیەکانی بەرەی ئازادیخوازان بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال لە دروشانەوە دایە. کار بە شوینێك گەشت کە ئەمریکاش ناچار بە دەخالەت کردن و هەلویست گرتن بکات. بۆیە سەرئەنجام هیچ ڕێگەیەك بۆ پارتی نەماوەتەوە جگە ئازادکردنی بێ قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال نەبێت. بەلام ئایا بەڕاستی ئەم کارە بەم زوانەو هەروا بەئاسان ئەنجام دەدرێت؟ ئەمە مەسەلە یەکە کەپێویستی بە خویندنەوەو لیکدانەویەکی دروست و وورد هەیە. بەدلنیای دەستەلاتی پارتی لەسەرەتای کارەوە ڕێگەو ڕەوشتی جۆراو جۆری بۆ چەواشە کاری و بەلاڕێ بردنی ئەم جولانەوەیە لەبەرچاو گرتووە. هەر لە چاوترسان و هەڕەشەکردن و تهیدکردن بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕیگەو کەنالی جۆراوجۆرەوە تا دەگاتە مانوڕلێدان و زیکزاك لیدانی جیاواز، کە دواینیان ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی دادە بەوەی کە گوایە هێشتا مەسەلەی دکتۆر کەمال سەید قادر یەك لای نەکراوەتەوە... بەلام ئێستە کە ئەم کێشەیە گەشتووتە قوناغێکی هەستیارتر تەنیا ئەمانە دادی دەستەلاتی پارتی نادات بۆیە دەبێت بەدوای شێوازو ڕەوشتی ترەوە بیت. لە چەشنی ئەوەی کە ڕەنگە سبەینی بە پشتیوانەی هەمان هەڵویستی وەزارەتی دادەوە بلێن هەر وەك پێشتر ڕامان گەیاندوە کە حوکمەی دکتۆر کەمال نەبڕاوەتەوەو دواین بڕیای لەسەر نەدراوە بۆیە دەکرێت بۆ ئەوەی وانیشان نەدەن کە ئازادکردنی دکتۆر کەمال لە ژێر گوشاری بەرەی ئازادیخوازان و سەرئەنجامی دەخالەتی ئەمەریکایە، پەنا بۆ ڕێگەی سێ هەم بەرن و لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا لە ڕێگەی دەخالەتی ڕاستەخۆی مسعود بەرزانی یەوە بێت یان پەلکێشکردنی حزبە هاوپەیمانە کانی خۆیانەوە ، ڕێنمایان بکرین بۆ ئەوەی کە نامەیەکی هاوبەشی ئاڕاستە کراو بنێردرێت بۆ مسعود بارزانی و داوای بەخشینی دکتۆر کەمال بکەن وهاوکات کۆمەلیك لەو نووسەران و ڕۆشنبیرانەش ئاراستە بکەن کە شەرمۆکانە پیشتر داوای بەخشینی دکتۆر کەمالیان کردوە، لە ریگەی بادانەوەی ئەم هەنگاوەوە پاشان دکتۆر کەمال ببەخشن. ئەوەی کە بۆ پارتی گرنگە ئەوەیە کە وانیشان نەدرێت بڕیارو حوکمەکەی شکستی هێناو بەتەوای مانا پاشەکشە پێ کراوە. کە دەکرێ بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی ئەم پاشەکشەیە ئاماژە بە دەوری یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکیەتی بکەین. خالێك کە لە مەڕ یەك لای کردنەوەو ئازاد کردنی دکتۆر کەمال دا دەکرێت کۆمەك بە کەم ڕەنگ کردنەوەی پاشەکشە پێ کردنی دەستەلاتی پارتی بکات، <u>یەکخستنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە</u> کەبەبڕوای من وشیارانەو ئامانجدارانە خرایە پاش ڕەخنە گرتنەکەی ئەمەریکا لە پارتی لەمەڕ مەحکوم کردنی دکتۆر کەمالەوە. هەر بۆیە پارتی بۆ کەم کردنەوەی نوکی ئەو ڕەخنەگرتنەی ئەمەریکا پاش دەهەیەك ریکەوتنامەی ریکەوتنەوەی هەردوو ئیدارەی ئیمزاکرد دەیەوێت بە زمانی بێ زمانی خۆیان دوای لێ بووردن بکەن لە ئەمەریکاو وانیشیان بدەن

که ئەوان سەرگەرمی کارو پرۆژەی گەورەترن بۆیە دەبیت بەخشندە مل کەچ بێت لە ئاستی موچەخۆری خۆی و حوکمی سزادانی دکتۆر کەمال هیندە بە هەند وەرنەگرن . دیوێکی تری ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە دەستەلاتی پارتی دەیەوێت بۆ ئاراستە کردنی بیروڕای گشتی بەرەو شوێنێکی ترو لەناو جەرگەی هەلهەلکێشان و پیاهەلدانی ئەم " دەستکەوتە"و فرۆشتنەوەی بە خەلکی کوردستان دا، ئەو لوت شکان و پاشەکشە کردنە خۆی لێل و نادیار نیشان بدات. ئەمە بە دەر لەوەی کە لایەنیکی تری ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانیت ڕێژەیەك لەو ڕۆشنبیرانەی کە تەنیا وەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی بەجۆریك ناڕەزایەتی خۆیان لەبەرامبەر بە سزادانی دکتۆر کەمال دەربڕیوە کەم بکاتەوە، ئەمە بەتایبەت دەتوانیت ڕیزی ئەو خۆش باوەڕانە بگرێتەوە کە پیان وایە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە دەبێتە خالّی وەرچەرخان لە ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان و ئیتر خەلکی بە هەموو ماف و ئازادیەکانی خۆیان شاد دەبن .

*ئەرکەکانی بزوتنەوەی داکۆکی کردن لە ئازادبوونی دکتۆر کەمال پاش هەلویستی ئەمەریکا !*

سزادانی نووسەریك بە 30 سال حوکمی زیندان لەلایەن حزب و دەستەلاتێکی هاوپەیمانی ئەمەریکاوە دەیتوانی لە درێژەی خۆیدا ڕیسوایەکی گەورەی بۆ ئەمەریکاش بەدوای خۆیدا بهێنیت . بۆیە نەدەکرا لە نێو شەپۆلی ئەو دەنگ هەلّبڕین و کەمپەینە فراوانەی کە بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراوە کرێکاری و ئینسان دۆستەکانی جیهان کراوەو ڕۆژ بەڕۆژ دامەنەی پەلهاویشتی فراوانتر دەبیتەوەو بە دلنیا ئەم بانگەوازە لە زووترین کات خۆی لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپای یەکگرتوو پەرلەمانی وولاتانی ئەوروپاو دەیان نیهادی پەیوەنداری تردا دەبینێتەوە. نەدەکرا ئیمکانی نەدەبوو کەحکومەتی ئەمەریکا هیچ پاساویك بۆ کردەوەی"دیموکراسیانەی"پاش دەستەلاتی حکومەتە دیکتاتۆرەکەی پێشوو بهێنێتەوە. بۆیە ئەمڕۆ یا سبەی حکومەتی ئەمەریکا لە ژیر فشاری ئەم جولانەوەیەدا ئەو هەلّوێستەی دەگرت .

بەلام لیرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا حکومەتی ئەمەریکا ئامادەیە سەرباری هەر ڕەخنەیەك پەیوەندی دۆستانەی لەگەل یەکێك لە دلسۆزترین حزبە سیاسی یەکانی نیو دەستەلاتی حکومەتە بن دەستەکەی خۆی لە عیراق تیرە بکات ؟ بە دلنیا وەلامی ئەو پرسیارە ڕۆشنە کە نـــــایە. ئەی کەواتە دەستەلاتی پارتی هەروا سوك وئاسان ئامادەی قبولّ کردنی ئەو لوتشکاندن و پاشەکشە پیّ کردنەیە؟ دیسانەوە بە دلنیایەوە نــــا. کەواتە تەنیا ڕێگەیەك بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پاشەکشەیە درێژە پێدانی ناڕەزایەتی دەبرین و گوشار هێنانێکی زۆر زیاتر بۆ حکومەتی ئەمەریکا لە ڕێگەی سازدانی خۆپیشاندانەکانمانەوە لەبەردەم سەفارەتەکانی حکومەتی ئەمەریکا لە هەر ووتیك کە کۆمەلیك لە ئازدیخوازان و لایەنگرانی ئازادی دکتۆر کەمالی لی یە . جیگەی خۆیەتی هەر لێرەدا ئەو پرسیارەش لەخۆمان بکەین کە ئەگەر بەڕاستی حکومەتی ئەمەریکا ناڕازی یە بە پێشیکاری ماف مرۆڤ و ڕیگرتن لە ئازادی بیروای سیاسی و ئازادی ڕەخنە گرتن و بەیان لە کوردستان دا کەواتە ئەم هەلە دەرفەت بۆ ئیمە دەکاتەوە کە مەسەلەی خواستی ئازادکردنی دکتۆر کەمال بکەینە پردی بەستەنەوەو پەرینەوە بۆ داکۆکی کردن لە هەموو ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان و بۆ لە گۆڕنانی هەرجۆرە لەمپەریك لەبەردەم ڕەووتی بەرەو پیش چوونی هەموو ماف و ئازادیە سیاسی و فەردی و مەدەنیەکانی خەلکی کوردستان .

بە دلنیای لەمبارەوە ئیمە بە تایبەت لە هەندەران هەلومەرجێکی گونجاو لەبارمان بۆ لواوە تا لە سەنگەری دەنگ هەلبرینی خەلکی کوردستان و دریژە دان بە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ستەم دیدە بتوانێن ئەسپی خۆمانی تیا تاو بدەین و بە پالپشتی ریزی یەکگرتوومان پیّ لەسەر ماف و داخوازیەکانی ئەو خەلکە نارازی یە داگرین ولەبنیادنانی کۆمەلگایەکی ئازادو سەرفرزادا بەشداربین و تاخەلکی کوردستانیش بە پشتیوانەی ڕیزی خەباتکارانەی ئێمە هەرچی زیاتر و زیاتر دلگەرم بن بە دریژە پێدانی بە خەبات بۆ دابین کردنی ژیانیکی باشترو ئینسانی بۆ جەماوەریك کە چەندین دەهەیە بە دەست ستەم و نابەرابەری و نا عەدالەتی و چەوسانەوەوە دەنالینیت

کەواتە باپێکەوە فایلی دکتۆر کەمال بکەینە پردی گواستنەوەی خەباتمان بۆ داکۆکی کرد لە هەموو ماف وئازادی یەکانی خەلکی کوردستان و هەرچی زووتر خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئاپورە کردنی بەردەم بالویزخانەکانی ئەمەریکاو بە دەنگی بەرز بلّێن ( بژی ئازادی بیّ قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال و بەرقەرابیت ئازادی بەیان ئازادی هەلسورانی سیاسی ، ئازادی رەخنەگرتن و بیرورا دەبرین ) .

2006 / 1 / 9